# حزب و نوێنەرایەتی

حزب پێکهاتوویەکی هۆشیاری ئارەزوومەندانەیە، لە پێناو وەدەست هێنانی خواستو ئارەزووەکانی چینێك یان کۆمەڵێکی دیاریکراوو، گەیشتن بە ئامانجو مەبەستە ستراتیژیەکانی لەدایك دەبێت.

لە سەرەتای دامەزراندنو قۆناغەکانی سەرەتایی نابێ هەڵپە بکرێ بۆ کۆکردنەوەی خەڵك، زۆر گرنگە بە پارێزەوە هەنگاو بهاوێژێو خەڵکانی باشو نموونەیی ڕێکبخات. بەتایبەتیش دڵسۆزو هۆشیارانی ئەو چینەی کە ئەو حزبە دەیەوێ نوێنەرایەتی بکات.

ئێمە پێمان وایە حزب نوێنەرایەتی چینو توێژێکی دیاریکراو دەکاتو لە پێناو بەرژەوەندی ئەوانەوە دروست دەبێت. حزب ناتوانێ ببێ بە حزبی تێکڕای جەماوەر، هەر کاتێ ویستی ببێ، یان بوو بە حزبی تەواوی جەماوەر، ئەوا سیمای ڕاستەقینەی حزبایەتی لەدەست دەداتو نوێنەرایەتیەکەی لەدەست دەردەچێت.

ئەمڕۆ هیچ حزبو لایەنێکی سیاسی نیە کە ناحەزو بەرهەڵستکارو هاوبڕکی نەبێت، بە هەمان شێوەش هیچ حکومەتێك نیە کە هاوبڕكو بەرهەڵستکاری ناوەخۆی نەبێت، تەنها نیشتمان کە زێدی هاوبەشی تێکڕای گەلە، دەبێتە وڵاتی هەمووانو پێکەوە هەوڵی سەرکەوتنو پێشکەوتنی بۆ دەدەن.

هەرچەندە حزب نوێنەرایەتی چینێك دەکات، بەڵام لە قۆناغێکی دیاریکراوو بە مەبەستی ئامانجێکی هاوبەشی دیاریکراو، دەتوانێ ڕێبەرایەتی سەرتاپای جەماوەر بکاتو بەرژەوەندی هەمووان لەبەرچاو بگرێو بیان پارێزێ. هەر کاتێ گەیشتە ئەو مەبەستە، ئیدی ناتوانێ ئەو ڕێبەرایەتیە درێژە پێبدات.. بەو پێیە حزب لە پێناو چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵ لەدایك دەبێو بەتایبەتیش لە ڕاژەی بەرژەوەندیەکانی ئەو چینەدا تێدەکۆشێ. پێمان وایە، حزب لە پێناو چینێکی دیاریکراودا هەیەو خزمەتی تێکڕای گەل دەکات حزب لە پێناو باڵای گەلو نیشتمان لەبەرچاو دەگرێو هەوڵی سەرخستنی دەدات.

حزبێك بیەوێ، ببێ بە حزبی سەرجەم جەماوەری وڵات، ئەوا گۆڕ بۆ خۆیو چینەکەی هەڵدەکەنێ. لە مێژوودا وێنەی لەو بابەتە زۆرن، بۆ نموونە پارتی کۆمۆنیستی سۆفیەت، سەرەتا نوێنەرایەتی چینێکی مەبەست بوو، هەروەها ژمارەی ئەندامانی لە چەند هەزارێك تێپەڕی نەدەکرد، توانی سەربکەوێو بگاتە لووتکەی دەسەڵات، بەڵام کاتێ دروشمی حزبی تێکڕای گەلی سۆفیەتی هەڵکردو گوتی (ئیدی حزب بۆتە حزبی سەرجەم گەل) گۆڕی بۆ خۆی هەڵکەندو زەنگی لەناوچوونی لێدرا. ئەو حزبە لە کۆتایی ساڵەکانی تەمەنی خۆیدا شانازی بەوە دەکرد کە زیاتر لە (20) ملیۆن ئەندامی کاراو زیاتر لە 40 ملیۆنی کەسیشی لە سەندیکاکاندا کار دەکەنو بەبێ هاوبڕك حزبی هەموو گەلی سۆفیەتەو بوونی حزبی دیکە پێویست نیە، بەڵام چونکە نەیتوانی نوێنەرایەتی هەموو چینەکان بکات. ئیدی لە باریەك هەڵوەشایەوە، حزبی سەرجەم گەل نەك ناتوانێ نوێنەرایەتی تەواوی چینەکات بکات، بەڵکو دەبێتە دیکتاتۆرو لە پێناو پاراستنو مانەوەی خۆی، تەواوی بەرژەوەندیەکانی باڵای نیشتمان دەخاتە ژێر پێیەوە. هەروەها (حزبی بەعس) تاخۆی بە نوێنەری چینێکی دیاریکراو دادەناو دژایەتی نەتەوەکانی غەیرە عەرەبی ئاشکرا نەکردبوو، هەروەها ژمارەشی لە چەند سەد کەسێك تێپەڕی نەدەکرد، توانی دەسەڵاتی وڵات بگرێتە دەستو بەخێرایی گەشە بکات، بەڵام کاتێ خۆی بە حزبی سەرتاپای گەل ناساندو، خۆی بە سەروەرو بەهاوپیرۆزەکانی نیشتمان داناو دیکتاتۆریەتو سیاسەتی حزبی سەرکردەی پەیڕەو کرد، دیتمان چی بەسەر خۆیو گەلو وڵات هێناو ئەمڕۆش بە لاوازیەوە لەدوا ڕۆژەکانی تەمەنی دایەو چاوەڕوانی مەرگ دەکات.

بەم پێیە دەگەینە ئەو ڕاستیە باوەڕەی کە هیچ حزبێك نیە، بتوانێ حزبی سەرجەم گەل بێتو نوێنەرایەتی تەواوی چینەکانی کۆمەڵ بکات، لەم سۆنگەیەوە حزبمان، حزبی ڕزگاریی کوردستان، خۆی بە نوێنەری بەرژەوەندی کرێکارو جوتیارو ڕەنجدەرو چەوساوانی کوردستان دەزانێو باوەڕی بە ژیانی فرە حزبی هەیەو لەو پێناوەشدا ژیانی دیموکراسیو هاوپەیمانێتی شۆڕشگێڕانەی نێوان چینەکان بە سەنەدی ڕزگارییو پێشکەوتنی کۆمەڵ دەزانێو خەباتی بۆ دەکات.